بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**

**هەندرێن: لە پێشڕا دەبێ بڵێن کە لێرەدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، چونکە لە لایەک، وەک دەزانین لە کاتێک ئەو دادگاییکردنەی تاوانبارانی کوردکوژی بەڕێوە دەچێ، کە هەم کوردستان و هەمیش وڵاتی عێراق لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکی و ئینگلیزییەوە داگیرکراوە، یان خودی ئەو بەناو عێراقە نوێیە فیدراڵە بڕیاردەرێکی کارای سەرەکی نییە لەو دادگاییکردنەدا، لە لایەکی تریشەوە، ئەو چەشنە دادگاییکردنەی کە دەیبینین، لە زۆر ڕوانگەوە، هاوویستی نەتەوەی کورد دەرنابڕێت. وێڕای ئەمەش، لە چرکە ساتێکدا ئەو دادگایکردنەی تاوانبارانی ئەنفال بەڕێوە دەچێت، کە نە وڵاتێکی خاوەن سەروەر و شەرعی واقیعیانە بەناوی دەوڵەتی عێراق هەیە و نە ئەو حوکمەتەی عێراقیش خاوەن ئەو توانستە قانوونی و سیاسییە سەربەخۆیەیە کە بتوانێ بە ویستی خۆی ئەرکێکی لەم تەرزە ئەنجامبدات. کەواتە ئەوەی کە سەددام و دەست و پێوەندەکانی دادگایی دەکا، نە خودی دەسەڵاتی کوردە و نە ئەو پێکهاتە ئاڵۆزکاوەی عێراقیشە، کە لە پرسینپدا هەڵگری هەمان گوتاری شۆڤینیزمی پان- عارەبیزمە. لەبۆیە دەمەوێ بێژم، وێڕای ئەوەی، کە من لە رووی پێوەریی قانوونییەوە ناتوانم راشکاوانە لە رەوایەتی ئەو دادگاییکردنە قسە بکەم، بەڵام پێم وانییە کە پێوەرەکانی ئەو دادگاییکردنەی تاوانباران لەگەڵ ئاستی تراژیدی ئەنفال و مەرامی گەلی کورد گونجاو بێت. چونکە هەتا هەنووکە پرۆسەکە لە حەنەحەپەشێی دیوەخانان دەچێ نەک دادگایەکی خاوەن ئیرادە.**
**بە کورتی لەو رەوشەی کە هێشتا نە دەوڵەتی عێراق خاوەن دەسەڵاتێکی رەوای سەروەرە و نە ئەو بەناو حوکمەتە لێکناکۆکەی عێراقیش لە توانای ئەوەدایە حوکمڕانێکی بەڕاستی خەڵکی عێراق بێت، بۆیە ئەو داگاییکردنە دەبوو، وەک دیکتاتۆرەکەی یوگسلاڤیا، لە لە "لاهای" ئەنجامبدرابایە، یان لە خودی کوردستان بووایە.**
**دواجار بە گوێرەی ئەو راستییانەی کە وێنەی ئەمڕۆی عێراق ئاوێنە دەکەنەوە، بە رای من، سەرتاپای رەوتی ئەو دادگایکردنە و ئامانجەکانی، وەک شانۆیەکی کۆمیدی/تراژیدی دەچێ. ئەمەش چونکە، نە ویستی کورد لەو شانۆی دادگاییکردنەوە ئامادەیی هەیە و نە خودی کاکڵەی ئەو دەسەڵاتە لێکناکۆک و دژە کوردەی بەغداش خاوەن ئەو مەیلەیە کە دان بە تاوانی ئەنفال بنێت. هەر بۆیە، بە لای کەمییەوە، دەبوو بەشێک لەو توانبارانەی بەعسی فاشی لە کوردستاندا ڕووبەڕووی دادگا بکرابانەوە. بەمەش هەرنا کوردی ئەنفالکراو دەیتوانی داوایاکانی خۆی راشکاوانە بسەپێنێ، یان هەرنا هەناسەیەکی هی دڵی دوای ئەو غەدرە مێژووییە بکێشێ. بەڵام، وێڕای ئەو گرفتانەش، گرنگ ئەوەیە کە کورد لە ئاکامی دادگاییکردنی ئەو تاوانبارانەدا چ دەستکەوتێکی نەتەوایەتییانە دەستەبەر دەکا.**

2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.

هەندرێن: راستییەکەی ئەگەر دیمەنەکانی پرۆسەی ئەو دادگاییکردنە لەگەڵ ئاستی ژانی ئەنفال و خەونی کورد بەراورد بکەین، هەروەک ئاکامی ئەو چەند رۆژەش نیشانیاندا، ئەو جۆرە دادگاییکردنە لە شانۆیەکی گاڵتەجاڕانەی دروستکراو دەچێ، نەک پرۆسەیەکی بەڕاستی، کە ئامانجی ئەوە بێ دەستکەوتێکی سیاسی و قانوونی بۆ کورد دەستەبەر بکات. هۆکردی ئەو گرفتەش، وێڕای ئاستەنگی رەوانبێژی سیاسی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەم رۆژی ئەو دادگاییکردنە بە دیمەنێکی لاواز دەستپێیکرد، لەوێدا، وەک دەروازەیەک، دادوەرەکە بە خوتبەیەکی سۆز ئامێز و مینا وەعزێکی ئایینی دەستپێیکرد و کەژێکی تۆتین و خەواڵووانەی دروستکرد، کە ئەمەش لە بری ئەوەی تاوانباران گەمارۆ بدا، کەچی باری مەعنەوی ئەوانی هێور کردەوە، هاوکاتیش سەرنجی مێدیای جیهانیشی خاوکردەوە. لەوەش زیاتر، ئاستی شایەدحاڵی رۆژی یەکەم، وێڕای بێگوناحی ئەو، بەڵام لەبەر لاوازی ئاخاوتن و نیشان نەدانی بەڵگەیەکی بنەبڕکارانە، نەیتوانی تاوانباران بهەژێنێ.

هەر بۆیە ئەگەر مرۆ لە دەرەوەڕا سەیری ئەو رۆژانەی دادگاییکردنە بکات، وا هەستدەکا کە تەواوەی ئەو دانیشتانە لە دیمەنێک زیاتر نەبوون: شایەدحاڵەکان داستانی راژیدیای خۆیان گێڕایەوە و پرسیار و وەڵامی تاوانبار و داکۆکیکارانی تاوانباران لەو گومانەی کە چاوەڕوان دەکرا، زیاتر نەبوون؛ واتا رژێم لە ئێرانی داوە، یان ئەوە ئێران بووە کوردی کوشتووە نەک رژێم. کەواتە هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ هەستدەکا کە ئەو دادگاییکردنە لە شانۆیەک دەچێ کە لەوێدا بەڕێوەبەری ئەو دادگایە، هێندەی رێگەی بە پروپاگەندە سەقەتەکانی سەددامی تاوانبار و چەتەکانی دەدا، ئەوەندە کۆمەکی شایەدحاڵەکان نەدەکرد. ئاشکرایە هەر لە ئێستاوە پرۆسەی ئەو دادگاییکردنە بەرەو ئەو ئاراستە داخوازیکراوە ناگوزەرێ، کە جەماوەری کورد و کوستکەوتووەکانی ئەنفالکراوەکان چاوەڕێییان دەدکرد. چونکە سەددامی بکوژی کورد، سەرتاپای تاوانەکانی بەوە چاواشە دەکا، کە حیزبی کوردی بەشدار بووە لەو شەڕەی کە ئێران بەسەریدا سەپاندووە. دواجاریش دەخوازێ سەرتاپای ئەو کاراساتانەی کە بەسەر کورد هاتوون، بە کێشەی شەڕی ئێرانەوە گرێبداتەوە. وێڕای ئەمەش، ئەو دادوەرە لە بری ئەوەی سەددام تاوانبار بکا، کەچی لە راستیدا ئەو دەیویست کۆمەکی سەددام بکا لە دادگاییکردنی کورد! بۆیە لەبەرچاوی جەرگ سووتاوەکانی کورد و جیهانیشدا، دڵنەوایی سەددامی دایەوە بەوەی کە ئەو دکتاتۆر نییە. ئەمەش ئەوپەڕی گاڵتەجاڕی ئەو دادگایکردنە نیشاندەدا. لەوەش زیاتر، ئەو ئاکامە ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەو حوکمەتەی کە هەردوو حیزبی کوردی و بەشێکی زۆری خەڵکی کورد چاوەنووسی کوردیان داوەتە دەستی، هەڵگری هیچ جیاوازییەک نییە لەگەڵ رژێمی بەعسی فاشی ریسواکراودا.

لێرەوە پەڕپوتی پرۆسەی ئەو دادگاییکردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە روخۆکەی کە لە وەڵامی پرسیاریی یەکەمدا ئاماژەمان پێکردن؛ واتا لەرزۆکی ئەو بڕیارە سیاسیی و قانوونییەی کە لە پشتەوەی ئەو دادگاییکردنەیە.

هەر بۆیە کۆی ئەو ناوەند و رێکخراوانەی کە خەمخۆری کێشەی ئەنفال و گەلکوژیی کوردن، دەبێ هەر لە ئێستاوە ئەو شانۆیە گاڵتەجاڕییەی کە بەناوی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال بەڕێوە دەچێ، رابگرن. ئەگینا ئەگەر ئەو پرۆسەیە بەو شێوەی کە هەیە بەردەوام بێت، بێجگە لە کولانەوەی برینەکانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و زیاتر تاساندنی گوتاری کوردی، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نابێت. جێگەی سەرنجە کە عارەبگەلێکی فرەی لەو حیزبانەی کە بەشدارن لەو حوکمەتە ئیفلیجەی عێراق و جیهانی عارەبی، نەک هەر سەددام بە توانبار نازانن، بەڵکوو ئەوانیش هاوڕان لەگەڵ وەڵامە ساختەکانی سەددام، کە کورد خیانەتی لە دەوڵەتی عێراق کردووە و لەگەڵ ئێران شەڕی دژی عێراق کردووە و ... هتد. کەواتە ئەگەر پرۆسەی ئەو دادگاییە بەم جۆرەی کە هەیە بەردەوام بێت، ئەوە وەک چۆن سەددام بە بیانۆی "خیانەت"ی

**کورد لە دەوڵەتی عێراق، کوردی ئەنفاڵ کرد، بە هەمان شێوەش، بە هاوسۆزی خودی جەماوەیی عارەبییش، هەوڵدەدا بەو جۆرە ڕەوانبێژییە سیاسییە چاوەشەکارییەی خۆیەوە، کورد قەرزاربارییش بکاتەوە.**

3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟

**هەندرێن: ڕاستییەکەی من لە دەستەواژەی "شەقامی ڕەوەندی کوردی" تێناگەم! ئەوەندەی من ئاگام لێبێت، کە مێدیای بینراوی ئەو دوو حیزبە هەواڵی ئەو دادگاییکردنە وەک شتێکی ناگرنگ نمایشدەکەن. جارێک بینیم، کە لە کاتی "دەنگ و باس"دا، وەک گرنگترین هەواڵ، ڕاپۆرتێکی دوور و درێژیان لەسەر ئەو "پێشانگایە بازرگانی"یەی کە لە هەولێردا کرایەوە، پێشکەشکرد، کەچی سەرپێی باسی پرۆسەی دادگایکردنی ئەو ڕۆژەی کرد. هاوکاتیش هەرکاتێک کە من بە دوای بینینی هەواڵی ئەو دادگاییکردنەوە، تێڤییەکانی ئەو دوو حیزبە حوکمەتدارە دەکەمەوە، یەکسەر چاوم بە بەرنامەگەلێکی دوور و درێژی بێتامی وەک "کەڤاڵ" و هاوچەشنێکی وەک گۆرانی داواکراو دەکەوێ. ئیتر نازانم پرسێکی وەک ئەو دادگاییکردنە، ئەگەر ڕووبەری مێدیا بە گشتی و مێدیای بینراو بە تایبەتی دانەپۆشێ، دەبێ "ڕەخنە و سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی" مانای چی بێ و چۆن دەتوانن "ڕەهەندی دادگاییەکە" بگۆڕن؟! ئەوەندەی من بزانم ڕەنگە سایتە ئەلکترۆنەکانی دەرەوە زۆر سەرگەرمتر بن لەو "شەقام"ە بە ماشێن داگیرکراوانەی کوردستان. مرۆ وا چاوەڕێی دەکرد کە لە کوردستاندا لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو دادگاییەدا ڕۆژانە لەو هەموو بەناو ڕێکخراوە عەنتیکە کولتووریی و مەدەنیی و زانکۆیانەی کوردستاندا، چەندان کۆڕ و جڤین ڕووبدەن، کەچی مخابن وا هەستدەکرێ بە هۆی ئەو دۆخە داهێزراوەی کوردستان "شەقام"ەکانی بە خەمی تر سەرقاڵ بن، هاوکاتیش من وا دەبینم، کە ئەو دادگاییکردنە، دەرفەتی بەرێوەبەرانی بەرنامەی هەڵپەرکێ و کەیفبازییەکان بەرتەسک کردبێتەوە.**

**هەڵبەتە هەبوونی "ڕەخنە و سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی"، ئەگەر وەک پێویستە بە کارای هەبن و گوێیان بۆ شلبکردرێت، زۆر گرنگ و بەهادارە، بەڵام وەک بیینمان، ئەوەی کە زوو بە ڕاشکاوی لە ناماقوولییەکانی دادوەر و شکاندی شەکرەکانی سەددام بە دەنگ هات چەند کەسی تاراوگە بوون و دواجاریش بەشێک لەو حوکمەتەی بەغدا بوو. پاشان بە دەرنگییەوە مێدایای حزبەکانی کوردستان "دیپلۆماسی"یانە نارەزاییان دەربڕیی. بە ڕای من، "شەقامی ڕەوەندی کورد"، بە تایبەتی لە کوردستاندا، زۆر خەمسارد و ئیفلیجە لە هەمبەر دۆزی ئەنفال و پرۆسەی دادگاییکردن.**

**بەڵام بێگومان ئەوە ئەرکی ئەو ناوەند و توێژانەیەی کوردستان و دەرەوەیە کە پێویستە ڕۆڵێکی کارایان هەبێ لە چاودێریکردنی ئاراستەکردنی پرۆسەی ئەو دادگاییکردنە. کردنی ئەو کارەش دەبێ لە ئاستی هەمەچەشنی مێدیاییدا بڕوی پێبدرێ.**

4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟

**هەندرێن: هەڵبەتە وەک دەزانین، کە یەکێک لەو هۆیە سەرەکیانەی کە ڕژێمی فاشی سیاسەتی کوردکوژیی پیادە کرد، قووڵبوونەوەی دۆزی کورد بوو کە دەیوست وەک نەتەوەیەکی جیاواز مافە نەتەوایەتییەکانی فەراهەم بکات. کەواتە سەددام وەک دەمڕاستی ڕژێمێکی شۆڤینی عارەبی، تاکوو ڕەگ و ڕیشەی دۆزی نەتەوایەتی کورد وێرانبکا. سیاسەتی گەلکوژی لەسەر کوردی پێڕۆ کرد. لێرەوە بە پێودانگی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و ئەو دەستوورەی کە "کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان" مۆری کردووە، دەبێ ئەو ڕژێم و دیکتاتۆرە قووڕسترین سزا بدرێ. یەکێک لە ئاکامەکانی "بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد"، ئەوەیە کە ڕای گشتی جیهانی و دەنگی " کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان"ە ناچار دەبن بە فەرمی دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بنێن. ئەمەش وادەکا کە دۆزی کورد، وەک نەتەوەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لە کێشەیەکی کەمینەی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کە کورد دەچەوسێننەوە ببێتە پرسیارێکی جیهانی. دواجاریش دۆزی کورد لە**

**دۆزێکی مرۆڤایەتییەوە دەبێتە دۆزی نەتەوەیەک، کە مافی خۆیەتی بەخۆی سەرەوەر بێ لەسەر خۆی. هاوکاتیش ئەو کردەیە دەبێتە سزایەک بۆ خودی ئیدیۆلۆجی فاشیانەی جیهانی عارەبان و دەوڵەتی رەگەزپەرستی تورکیا و دیکتاتۆری ئێران.**

**بە کوردی ئەو کردەیە لە ئێستادا دەتوانێ زەمینەیەک خۆشبکات بۆ ئەوەی کورد بتوانێ بە دەنگێکی بەرز داوای دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بکات و هاوکاتیش زللەیەکی یەکلاکارە بۆ مێژووی شۆڤینیانەی دەوڵەتی نوێی عێراق و دەوڵەتانی تر کە نکۆڵی لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دەکەن.**

**بە کورت و کرمانجی، "بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد"، ئاسۆیەک بۆ کورد ئاوەڵا دەکاتەوە کە خۆی بە دیار بخات، بەمەش دەتوانێ رێگایەکی نوێ بۆ پرۆسەی هەبوونی خۆی بەرەو شکۆمەندکردنی بوونایەتییەکەی بگرێتەبەر. کەواتە ئەو کردەیە دەبێتە ئاکامێک کە کورد وەک کۆیلەکراوێک چیتر بە کۆیلەیی نەمێنێتەوە. کەواتە ئەو بڕیاردانە، واتای دەستەبەرکردنی ئەو شتە نییە، کە پێێ دەڵێن "قەرەبۆکردن"، کە ئەمڕۆ کورد لە سایەی حوکمەتە گەندەڵکارەکەی حیزبەکانی، هەموو بەهایەک لە پارە پوول دەبینێتەوە، بەڵکو ئەو "کردە"یە، وەرگرتنەوەی سەروەریی نەتەوایەتی کوردە، کە رژێمێکی ئەنفالکار و دیکتاتۆرەکەی، وەک سزایەک،  نیوەی هاووڵاتیانی و خاکەکەی هەڵقرچاند.**

**مەیسەرکردنی ئەو بڕیارەش بە خودی ویستی ئازادی کورد لە دۆخی کۆیلایەتییەوە گرێدراوە؛ واتا کورد چەند ئامادەباشە بۆ راگەیاندنی ژیانێک کە خۆی سەروەریی بێ، نەک سەروەرە شوۆڤینیەکان، وەک بەزەیی پێهاتنەوە، بە مافێکی نیوەچڵ، لە دۆخی کۆیلایەتی بیهێڵنەوە!**

20060922

**ستۆکهۆڵم**